# کاسی جیهانی و چەند سەرنجێک ... عەبدولموئمین دەشتی

بەرلین
2006/7/8

ئەمرۆ یاری کاسی جیهانی کۆتایی هات، ئیتالیا یەکەم و فەرەنسا دووەم و ئەلمانیا سێیەم. بە شاهێدی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەلمانیا باشترین ئەرکی مێوانداری خۆی جێبەجێ کرد، بەوەش رووی خۆیان سپی کردەوە.

بەداخەوە ژیان و چارەنووس وەها نەهاتبوو ببم بە وەرزشکار و پەیوەندیم بە تۆپی هەبێت، بەلاَم ئەوەی ئەمساڵ لە بەرلین ژیابێت، بێ ویستی خۆی ئاشق و بینەری یارییەکانی کاسی جیهانی بوو، چونکە بەرلین هەموو کوچەو کۆلاَنی پڕ بوو لە ئاشقانی کاسی جیهانیی، منیش ئەمساڵ بووم بە یەکێك لەوان.

لەم چەند دێرە باسی تۆپی پێ ناکەم، تەنها باسی چەند سەرنجێکی خۆم دەکەم:

- کۆبوونەوەی ملیۆنان مرۆڤ، لە کەلتووری جیا جیا، لە یەك شوێن، روونەدانی هیچ کێشەو ململانێیك کە شایستەی ناوبردن بێت، دەبێت جگە لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی چ مانایەکی تر ببەخشێت؟
- پێکەنین و خەندە، گۆرانی و سەما، ماچ و خۆشەویستی، گۆرانی و شادی. هێمنی و ئازادی. بادەو جوانی و رێز گرتن لە یەکتری...
- رۆلی پۆلیس و دەزگای ئاسایشی ئەلمانی، کە وەك فرشتەو خدری زیندە لە هەموو شوێنێك ئامادەبوون و لە تەماشاکردن بێ بەش بوون، تەنها لە خزمەت و پاراستنی بەشداربووان و تەماشەوانانی ئەو ملیۆنان مرۆڤە خۆییی و مێوانە بوون. ئەوپەڕی شانازی و سەربەرزییە بۆ پیشەی پۆلیس و ئاسایش.
- کۆکردنەوەو چڕکردنەوەی پۆزلێدان و عەنتەرگەری و ململانێی زگماکی مرۆڤایەتی نێوان گەل و هەرێمەکان، هاوسانکردن و دابینکردنیان لە تۆپێکی چکۆلانە، وەك ئەمساڵ گوتیان هاویشتنی خرێك بۆ ناو تەنێکی گۆشەدار، بێ رژانی خوێنی مرۆڤ.
- شانازی پێ پایان بە نەتەوەو نیشتمان و ئالاَی خۆت، بە تایبەت لە کاتی سەرکەوتن.
- هیوادارم ئەو سیمایانە ببن بە سەرمەشق بۆ گەلانی کوردستان و گەلانی تازە واگا.